# مەهاباد قەرەداغی



## پێشەکی بۆ کتێبی

## "هەرگیز لە ژنبوونی خۆم پەشیمان نیم!"لە نووسینی خاتوو "ڕۆئیا تلووعی"

مرۆ دەتوانێ بە زۆر شێوە هەست و نەست و بیر و بۆچوونی خۆی لە ڕێگەی زمانەوە،دەرببڕێت. زمان تەنها بریتی نییە لە واژە و لە دەنگ، لە نووسراو و لە وتراو، بەڵکە جوڵەی جەستەش هێماکانی زمان دەگەیەنێت. مرۆ بە سەرنجێک دەتوانێ بەرامبەرەکەی تێبگەیەنێ خۆشی دەوێ یان ڕقی لێیەتی، گرنگە بە لایەوە یان بێبایەخە بەرامبەری. دیسانەوە بە جوڵەیەک، بە ئاماژەیەکی دەموچاو دەتوانی لە بەرامبەری بگەیەنێت شادە یان ناشاد، ساغە یان نەخۆش، ئازادە یان کۆیلە.

ژنانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و ژنانی کوردیش کە سەر بە هەمان جۆری کلتووری ڕۆژهەڵاتیین،بە هێماکانی دەموچاویان زۆر ئازاریان دەربڕیوە، بە جوڵەیاندا دیارە ئازاد نین و وەک کۆیلە ڕەفتاریان لەگەڵدا کراوە، لە چاوانیاندا دەتوانی چیرۆکی سەیروسەمەرە و سەرنجڕاکێش بخوێنیتەوە کە گوزارە لە نائومێدی و ژانەکانیان دەکات، وەلێ بە دەنگ و بە ڕەنگ، بە واژە و وتە کەمیان لەم بارەیەوە دەربڕیووە.

ئەوەی پەیوەندی بە وتنەوە هەبێ، لەبارەی ژنەوە دەگوترێ کە ژن زۆرگۆ، یان زۆربڵێیە. ئەم دەربڕینەش زیاتر دەربڕینێکی پیاوانەیە و بۆ سوکایەتیکردن بە ژن دەگوترێ. وەک میتافۆرێک حەمامی ژنان بۆ ئەو شوێنانە بەکاردەبرێت کە ژاوەژاوی تیایە و کەس لەکەس تێناگات و هەر کەس بۆ خۆی دەدوێت. لە شوێنی وادا دەگووترێت: "ئەوە چییە، دەڵێی حەمامی ژنانە!". مەخابن ئەم میتافۆرە ژنان بۆ خۆشیان بەکاری دەبەن بێ ئەوەی لەو ئیمازی زمانە بگەن کە ئەم دەستەواژەیەی وەک میتافۆرێ بۆ دەنگی پڕ لە ژاوەژاو و بێ سەروبەر و بێئەنجام بەکاربردووە.

ئەم میتافۆرە بە خۆرایی نەکراوە بە ئیمازی دەنگی ژاوەژاو و شلۆقی، کە لەوێدا کەس لەکەس ناگات، قسە لە پێناوی قسەدا دەکرێت، کەس گوێ لەکەس ناگرێت و باس و خواسەکان نە ئامانجیان هەیە و نە ئەنجام. حەمامی ژنان، هێمایەکە بۆ دەنگی ژنان، کە لە زمانی کوردیدا لەڕێگەی ئەو میتافۆرەوە دەتوانین لە بایەخی دەنگی ژن لە کۆمەڵگەدا، بگەین، کۆمەڵگەیەک کە هەتا ئەم ساتە پیاو بەڕێوەبەرێتی، نۆرمەکانی بۆ داناوە، یاساکانی بۆ داڕێژاوە و ڕێنوماییەکان و ڕێساکان هەر هەمووی هی ئەون. دەنگی بڕیاردەر، دەنگی کاریگەر، دەنگی سەپێنەر و سازکەر و ڕووخێنەریش هەر بە تەنیا دەنگی ئەوە. ئیدی دەنگی دەرەوەی دەنگی ئەو ژاوەژاوە، بێ ئەرزشە، ناکارایە. دەنگی دەرەوەی "ئەو" دەنگی ژنان و دەنگی منداڵانە، ئەم دوو دەنگەش کە تێکەڵ دەبن ژاوەژاو پێک دەهێنن، ڕێک وەک ئەو ژاوەژاوەی لە حەمامی ژناندا ڕوو دەدات، کاتێک ژن هەمیشە ناچارە لەگەڵ خۆیدا منداڵەکانیشی بەرێتە حەمام و بیانشوات، منداڵیش سابوون دەچێتە

چاوی و دەگری، دایک لەبەر ئەوەی کاری زۆرە و منداڵی تری داناوە بۆ شوشتن شپرزە دەبێت، دەقیژێنی بەسەریدا، دەنگی ئەم دایکانە لەگەڵ هی منداڵەکاندا تێکەڵ دەبن و دەبن بە ژاوە ژاو، ئیدی حەمامی ژنان دەبێت بە میتافۆرێک بۆ دەنگی ژاوەژاو، دەنگی ژن، کە ئامانجێکی نییە و ئەنجامێکی نابێت.

ئەم دەنگە تەنها لە حەمامدا وا نییە، لە ناو خێزانیشدا، لە ناو کۆمەڵگەشدا گوێلێنەگیراوە، لەناو دەمودەزگاکانیشدا ئەو تێڕوانینە زاڵ دەبێت، ڕوانگەیەک پێک دەهێنێت کە بیرکردنەوەی مرۆڤی کورد "نێرینەکانی کورد" سازی کردووە، ئەم بیرکردنەوەیە بەهۆی زمانەوە دەگەیەنرێت، زمانیش دووبارە بیرکردنەوە بەرهەم دەهێنێتەوە.

زمانی کوردی، بیرکردنەوەی کوردی و ڕوانگەی کوردی دەگەیەنێت، ستركتووری ئەم زمانەش نێرینەی کورد نەخشەی کێشاوە، کەواتە زمانی کوردی هی پیاوە و تەنها پیاو بۆی هەیە بێتە گۆ و بدوێ و وتار بدات و وتار بنووسێت. ئەوەی ئەو دەیڵێت نۆرمە، ئەوەی ئەو دەینووسێت ستانداردە و ژن ئەگەر شتێکیش بڵێت یان بنووسێت دەبێ بەو پێوەرە بپێورێت. ئەم کێشەیەیە وا دەکات دەنگی ژن نەبیستراو بێت، ژن نەوێرێ بێتە بەر مایکرۆفۆن و ئازادانە ڕای خۆی، ئازاری خۆی و لە هەمووشی گرنگتر بیری خۆی دەرببڕێت. لە هەموو ئەوانەش گرنگتر و گرفتدارتر بۆ ژن کە دێتە گۆ، یان کە بیری خۆی بە نووسین دەردەبڕێت، بەکارهێنانی زمانە. زمانێک کە تەلاربەندێکی پیاوانەی هەیە، زمانێک کە ئیماژەکانی پیاوکردن و تیایاندا مێ و مێروولە هەمان سەنگیان هەیە، ژن و ژان هاوواتان. لەو زمانەدا جەستەی ژن ئامێرە نەک ئۆرگانی زیندوو، ئامێری بەرهەمهێنانی منداڵ، ئامێری چێژبەخشین بەویدی، خزمەتبەخشین بەوانی دی جگە لە خۆی.

زۆرگرنگە ژن بێتە گۆ و هزرمەندانە بپەیڤێ و ئامانجی هەبێ لە وتندا و بۆ مەبەستی بەئەنجامگەیاندنی ئەو ئامانجانە هەنگاو بنێ، تا بیسەلمێنێ دەنگی ئەو ژاوەژاو نییە، لە هزرەوە هەڵدەقوڵێ و پێویستە هزری بدرێتێ. لەوەش گرنگتر ئەوەیە، کە دەپەیڤێ و کە بیرەکانی خۆی بە زمان دەردەبڕێ، هەمان ئەو پۆشاکی زمانەیان لەبەرنەکات کە بە مەکینەی مێشکی پیاو دووراون. "بیر" وەک خودی مرۆڤ وایە، کە دروست دەبێت ڕووت و قووتە، هەتا پۆشاکی زمانی نەکەیتەبەر بەرجەستە نابێت و سەرنج ڕاناکێشێت. گرنگە ژنێ کە دەپەیڤێ، چ بە وتن، چ بە نووسین، پۆشاکێ لەبەر بیرەکانی بکات خۆکردبێت، واتە زمانێکی کوردی نوێ، نوێ بەو واتایەی کە ئیماژەکانی هەمان کۆنەکان نەبن، ئیماژی نوێ بۆ ژنی نوێ، بۆ دیاردە نوێیەکان دابنرێت کە گوزارە بن لە دنیای هاوچەرخ. تەنها بە زمانێکی نوێ دەکرێ پێناسەیەکی نوێ بکەین بۆ ژن، پیاو، پەیوەندی، مرۆڤایەتی، دادپەروەری و هەموو دیاردە و دەستەواژە بەمرۆڤەوە پەیوەستەکان.

وەنەبێ ژنانی کورد هیچیان نەبووبێ بۆ گووتن، بیریان نەبووبێ تا لە وشە و دەستەواژەدا جێگەیان بکەنەوە، وەلێ شتێکی تر کە نەبووە و هۆکاری ئەوە بووە کە دەنگی ژن نەبیستراو بێت، ئازادییە.
مرۆڤ ئازاد نەبێت، با شتیشی هەبێت بۆ گووتن، ناوێرێ بیڵێ، با بیر و بۆچوونیشی هەبێ، شەرم دەکات دەریان ببڕێ. مرۆڤ کە ئازاد نەبوو، هەست بە کەمی دەکات، باوەڕی بەخۆی کەم دەبێتەوە، شەرم دەکات.

ئەمانە دەستەواژەی دەروونناسی کۆمەڵایەتین و پەیوەندییان بە یەکتر و بە دۆخی ژنانی کۆمەڵگە نائازادەکانەوە هەیە.

نووسین لە گوتنی سەرزارەکی زیاتر باوەڕبەخۆبوون و ئازادبوونی پێویستە. چونکە ئەوەی دەنووسرێت دەمێنێتەوە، بەڵگەی بیرکردنەوەی ئەو مرۆڤەیە. وتارێکی ڕاستەوخۆ کەلە کۆڕ و دانیشتنێکدا دەردەبڕدرێت هی دۆخێکی ئاساییە و دەکرێ مرۆڤ کەمتر هەستی بەرپرسیارێتی تێدا بەکار بهات، بە پێچەوانەی نووسین کە دۆخێکە مرۆڤ لە تەواوی قوڵبوونەوەی خۆیدا بۆ دیاردەیەک بیری خۆی دادەڕێژێت و بەرپرسیارە بەرامبەر هەر واژە و دەستەواژەیەک و پەیامی ئەو نووسین و دەربڕینانە. بۆیە دەبینین لەو کۆمەڵگانەدا کە ئازادی بە گشتی و ئازادی ژن بە تایبەتی سنووردارکراوە، لە مەیدانی نووسیندا ژن کەمتر دەرکەوتووە. نووسین ئاستێکی هەرەبڵندی بیرکردنەوە و زمانە و پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئازادییەکانی مرۆڤەوە، ئازادی دەروونی، ئازادی جەستەیی، کۆمەڵایەتی، سیاسی و هتدەوە.

لەناو ژانرەکانی نووسینیشدا ئەو ژانرانەی کە پەیوەستن بە دنیای هەست و فەنتازیای مرۆڤەوە کەمتر هەستی بەرپرسیارێتیان پێویستە، چونکە مرۆ لە دنیای فەنتازیادا دەتوانێ بێ سنوور و تا ناکۆتا بفڕێ، وەلێ لە وتار و لێکۆڵینەوەدا دەتوانێ ئەوەندە بڕوات کە عەقڵ دەیبڕێت، ئەوەندەی کە لۆژیک بواری پێ دەدات. هۆی ئەوەشە لە کۆمەڵگە نائازادەکاندا بە گشتی و ژنانی ئەو کۆمەڵگانە بە تایبەتی ئەگەرچی کەم دێنە بواری نووسینەوە، ئەو کەم کەسەش کە دێن کەمتر خۆیان لە قەرەی ئەو ژانرانە دەدەن کە بەرپرسیارێتی ئەوان بەرامبەر بە بیروبۆچوونەکانیان دەردەبڕێت و باوەڕبەخۆبوون و خۆساخکردنەوەی پێویستە و، زیاتر ڕوو لەو ژانرانە دەکەن کە لەناو دنیای فەنتازیادا و لە ڕێگەی سیمبۆلە شاراوەکانەوە هەستەکان و نەستەکانی خۆیانی پێ دەردەبڕن.
شیعر دەکرێ ئاوێنە بێت بۆ هەست و نەستی ژن، وەلێ لێکۆڵینەوە و وتار دەتوانێ ئاوێنە بێت بۆ هزری ژن. لە بواری نووسیندا گرنگە هەست و نەستەکانی ژن لە داهێنانی ئەدەبیدا بەرجەستە بکرێن و بە زمانێکی بێلایەن، نەک باوکسالاری، دەربببڕدرێن. وەلێ تەنها ئەوە بەس نییە، ژن پێویستە مانیفێستی هزر و ئاوەزیشی بکات، وتار بنووسێت، لێکۆڵینەوە بکات، شیکاری سیاسی، ئابووری، دەروونی، کۆمەڵایەتی بێت و، لە هەموو ئەم بوارانەدا دەنگی هەبێت، بەڵام نەک دەنگێکی لاسەییکەرەوەی پیاو، نەک دەنگی دووبارەکەرەوەی بۆچوونەسواوەکان، نەک بە زمانێکی باوی باوکسالارانە، بەڵکە دەنگێکی هەڵقوڵاو لە بیری تایبەتی خۆیەوە، دەنگێکی داهێنەری نۆرم و دەستەواژەی نوێ، بە زمانێکی نوێ و مرۆڤسالارانە.

بەڵگەنەویستە کە بوونی دەنگ و ڕەنگ و بیری ژن پێویستن. وەکو کۆمەڵگەی کورد لە ئێستادا گرنگە و پێویستمان بەو میکانیزمانە هەیە کە دەنگی خنکاوی ژن کە لە قەفەزی سنگیدا قەتیس ماوە بێنێتە دەرەوە، ڕەنگی ژن کەلەودیووی دیوارەکاندایە ئاودیوی ناو کۆمەڵگەی بکاتەوە، بیری ژن بوروژێنێ بۆ دەربڕین و گوتن و نووسین. ئەمانەش ژن تەنها خۆی دەتوانێ هاوکاری خۆی بکات، واتە ژن دەتوانێ ژنانی تر فێری ئازادی و باوەڕبەخۆبوون بکات. بەو مانایە نا کە کۆرسی بۆ بکاتەوە و وانەی دابدات، نا، مەبەستم ئەو میتۆدە باو و

کاتبە سەرچووەی فێرکردن نییە، بەڵکە مەبەستمە بڵێم ئەو ژنانەی کە دەپەیڤن و وتار دەدەن و دەنووسن و هاتوونەتە نێو کۆمەڵگە و سیاسەتەوە، بە شێوەیەک بیربکەنەوە و بپەیڤن و بنووسن و سیاسەت بکەن لە ڕووانگەیەکی پێشکەوتنخوازانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بە ئامانجی ئازاد بوون خەبات بکەن، بە ئاراستەی گەشەسەندنی کۆمەڵگە و بڵندکردنەوەی پایەی ژن سیاسەت بکەن، باوەڕیان بە خۆیان پتەو بێت و وەکو ژن بیر بکەنەوە و بنووسن و شانازی بە ژنبوونی خۆیانەوە بکەن، واتە خۆیان بن نەک سێبەری پیاو.

***

ڕووئیا تلووعی، هەرگیز لە ژنبوونی پەشیمان نییە ! ئەمە یەکەمین کتێبی نووسەرە و لەم کتێبەدا کۆمەڵێک وتاری سەرنجڕاکێش و ڕاشونێڵ "عەقلانی" هەیە. هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە بۆ ئەم کتێبە لە هزری ئەودا وەک ژنێکی کورد، کە لە سەختترین دۆخەکانی ژیاندا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی لەناو خەباتی فێمینیستیدا دیوەتەوە و خوازیاری گۆڕینی بارودۆخی زێدەدژواری ژنانە لەو بەشەی وڵاتدا، پەیامێکی درەوشاوەی تێدا بەرجەستەیە. ڕووئیا بە خۆرایی و لەخۆیەوە ئەم وتەیەی دەرنەبڕیوە"هەرگیز لە ژنبوونم پەشیمان نیم!" بەڵکە وەڵامێک بەو تێڕوانینە دەداتەوە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا سەرپاوە و ژن لەو تێڕوانینەدا گیرۆدەی ژیانێکی بێمانا و مەنگ دەکات و لە ئاکامی ئەو بێماناییەی ژیاندا خۆی بێبایەخ دەبینێ و ژن بێ بایەخ دەبینێ و ئەڵتەرناتیڤێکی دیکە بۆئەو ژیانە نابینێتەوە جگە لە نائومێدی و حەسرەت، لە خۆزگە خواستن بەوەی سەر بەو تووخم و ڕەگەزە نەبێت، واتە پەشیمان ببێتەوە لەوەی کە ژنە !

ڕووئیا بەم وەڵامە دەیەوێ ڕێگەیەکی تر پیشانی ژنان بدات و بڵێت من پەشیمان نیم لە ژنبوون و تۆش پەشیمان مەبەرەوە لە ژنبوونی خۆت، وەرە با پێکەوە بارودۆخی ژن بگۆڕین، بیری خۆمان شارژ بکەین بە هێزی هزر، دەروونی خۆمان شارژبکەین بە ئازایەتی و وێران، بپەیڤین و نەترسین و بنووسین.

لەم پێشەکییەدا وێڕای دەستخۆشی لە ڕووئیا خانم و ئافەرینکردنی بۆ بوێری و ئازادییەکەی لە دەربڕیندا و، وردبینییەکەی لە لێکۆڵینەوە و وتارەکانیدا، دەمەوێ وەک ژنێک کە چارەکە سەدەیەک ئەزموونم لە دنیای نووسیندا هەیە و تاڵی و سوێری و خۆشی و چێژی نووسینم چێشتووە، پێی بڵێم هەنگاوی یەکەم و کتێبی یەکەم لە خۆت و لە ژنی کورد و لە کتێبخانەی کوردی پیرۆز بێت. هەروەها پێی بڵێم بیر لە بەردەوامی بکەرەوە، وتاری تر و لێکۆڵینەوەی تر و کتێبی تر و هی تر و هی تر. زمانی کوردی بکە بە یاری و بە ئارەزووی خۆت لەناو ئەو زمانەدا کایە بکە، کایەی هزری، کایەی هەستی، بیری جوان دابڕێژە و، ئەو بیرانەش بە پۆشاکی نوێی زمان پۆشتە بکە. ئەمانەی من دەیڵێم ئامۆژگاری نیین، تەنها چەپکێ گوڵی ئەزموونن، لە درکەکانی دەوروبەری پاک کراوەتەوە و وەک دیارییەک بۆ ئەم نۆبەرەی پەرتووکە پێشکەش بە ڕووئیا خانمی تلووعی دەکەم و پێشکەش بەو ژنانەش کە ئێستا و لە دوارۆژدا دێن و ئازایانە بیری خۆیان دەردەبڕن.

2004/11/16

ستۆکهۆڵم

سوێد